**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارەی: ١٩١٩ لە ٢٠٢٠/٧/٢٢**

بەپێی حوکم وبڕگەکانی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ، وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٦٨٦) لە ٢٠١٩/١٠/٢٧ ، ئەو ڕێنماییەمان دەرکرد :

## ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠

## دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران

**ماددەی (١):- پێناسەکان**

مەبەست لەو زاراوە ودەستەواژانەی خوارەوە ، ماناکانی بەرامبەریەتی بۆ مەبەستی ئەو ڕێنماییە :

**یەکەم :** یاسا : یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩) ی ساڵی (١٩٧١)ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٢) .

**دووەم :** ئەنجومەنی کارگێری : ئەنجومەنی کارگێری خەزنەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران .

**سێیەم :** بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**چوارەم :** بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان .

**پێنجەم :** پرۆژە : پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکان لەلایەن پەیوەندیدار .

**شەشەم :** لیژنەی پشکنین : لیژنەی پشکنینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم :** دەبێت خاوەنکارەکان زانیاری ڕاست ودروست بە لیژنەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بدەن سەبارەت بە کرێکارانی پرۆژەکانیان .

**دووەم :** بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا گشت ڕێککارە بەرکارەکان ئەنجام دەدات بۆ دەستەبەرکردنی پرۆژەکان .

**ماددەی (٣):**

**یەکەم :** بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئەستۆپاکی بەو پرۆژانە دەدات کە بڕیاری دەستەبەریان بۆ دەرکراوە و قەرزار نین .

**دووەم :** ئەو خاوەنکارانەی کەوا قەرزارن و ناتوانن بەیەك جار قەرزەکانیان بدەنەوە ، دەتوانرێت قەرزەکانیان بۆ بکرێت بە پشك (قسط)ی مانگانە بە مەرجێك ڕێژەی (٥%) لە کرێی مانگانەی کرێکار پێشەکی بدات ، لەو حاڵەتەدا سزای دواکەوتن دەوەستێت .

**سێیەم :** لەکاتی پابەند نەبوونی خاوەنکار بەدانی پشکەکان (أقساط) ، ئەوا سزای دواکەوتنی لێ وەردەگیرێت .

**چوارەم:** لەکاتی ئەمان و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت کە پێشتر بەر ئەحکامەکانی یاسا کەوتووە دەبێت شایستە داراییەکانی بدات وپاشان ئەستۆپاکی پێ بدرێت .



Scanned with CamScanner

**پێنجەم :** ئەو پـرۆژانەی کە داوای ئەسـتۆپاکی دەکەن بەمەبەسـتی پاکتـاوکردن ، بەهێنـانی بەڵگەنـامەی فەرمی لەلایەنی پەیوەندیدار یان راپۆرتی پشکنین بە نەبوونی چالاکی، ئەستۆپاکییان بۆ دەدرێت

**ماددەی (٤):**

**یەکەم :** کاتێك بەڵێندەر پرۆژەیەکی بۆ دەسپێردرێت ، پێویستە بە لایەنی کەم پێش (٣)سێ رۆژ لە دەست پێکردنی کارەکەی زانیاری تەواو لەسەر ناو و ناونیشان و شوێنی کارەکەی وتێچووی پرۆژەکە وکرێکارەکانی پرۆژەکە بداتە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی .

**دووەم :** ئەو لایەنەی پـرۆژەکە دەداتە کۆمپانیـا بـۆ جێبەجێکردنـی ، دەبێت تەواوی زانیـاری رەوانەی بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکات وەك (ناوی خاوەنکار ، ژمارەی کرێکار و زانیـاری لەسەر کرێکارەکان و کرێی مانگانە وهی تر...) .

**سێیەم :** وەزارەتی دارایی وئابووری ئاگاداری گشت گەنجینەکان دەکات کە هیچ پێشینەیەك خەرج نەکرێت بۆ کۆمپانیاکان تاکو ئەستۆ پاکی لەبەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت .

**چـوارەم :** ئەو کۆمپانیـا و بەڵێنـدەرەی کەوا کـاری (بیناسـازی و دابینکردنـی کەل وپەل وئـامێر یـان هاوشێوەی ئەو پرۆژانە) بەپێی راپۆرتی پشکنین ، ستاڤی بەردەوامی پرۆژەکە دەستەبەر دەکرێن.

**ماددەی (٥):**

لەکاتی فرۆشتنی پرۆژەیەك ، دەبێت خاوەنکاری یەکەم ئەستۆپاکی لە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەربگرێت و دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی بۆ خاوەنکاری دووەم .

**ماددەی (٦):**

گشت وەزارەت وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ئاگاداری گشت فەرمانگەکانیان دەکەن لەکاتی واژووکردنی هەر گرێبەستێك ، وێنەیەك رەوانەی بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ ئەوەی بریاری دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ دەربکرێت .

**ماددەی (٧):**

ئەنجومەنی کارگێری بریار لەسەر هەر حاڵەتێکی بەدەر لەوانەی لەو رێنماییە هاتوو دەدات .

**ماددەی (٨):**

لەکاتی بوونی هەر ناکۆکیەك لە جێبەجێکردنی یاسا ورێنماییەکان ، ئەوا دادگای کار لەهەرێم یەکلایی دەکاتەوە .

**ماددەی (٩):**

کار بەو رێنماییە دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**



Scanned with CamScanner